

# سفرەی کاغەز
# یان (گەمەی پیاوێک)

( إذا أتوا على واد النمل قالت نمله يأيها النمل أدخلوا مسكنكم
لا يحطمنكم سليمن وجنوده وهم لايشعرون)
- قورئانی کەریم-

نەجات نوری

## ١

گەڕەکەکە لەم شارەدا، لە بنە دڕکێکی سوتاوی دەکرد، لەوەدەچوو هەژارترین کەسەکان لەم شوێنە ناخۆش و پیسەدا کۆبووبێتنەوە، ئێرە شوێنی ئەو کەسانەیە کە هەر لە جلوبەرگیانەوە تا ناومالّو ئەو نووسراوە خواروخێچانەیشی کە لەسەر دەرگای حەوشەکانیان نووسراوە دەبنە حیکایەت، دەکرێ ئێرە ناو بنێین گەڕەکی حیکایەتەکان، گەڕەکەکە بەم هەموو ناخۆشیانەیشیەوە کەچی پڕە لە گۆرانی، ئێرە دۆزەخێک بوو بەلّام دۆزەخێکی پڕ لەکەسانی دەنگخۆش، کێ هەبوو نەزانێت دەنگخۆشترین کەس لەم شارەدا، دەنگی پیاوەکانی ئەم گەڕەکەیە، ئەوان لە پرسەی مردووەکانیشیاندا بۆ غەمگینی خۆیان زۆرکات هەرچی وشەی جوان هەبوو دەیانکردە گۆرانیو دەیانوت، کێ هەبوو شەوان ڕووناکییە کزەکانی ئێرە سەرنجی ڕانەکێشێت، لە دەرگاو پەنجەرە پەڕپووتەکانەوە ئەو ڕووناکییانە لە شێوەی دەزووی باریک باریکدا دەڕژانە سەر دەمووچاوی ئەو کەسانەی کە جارێک بەم گەڕەکەدا بڕۆیشتنایە، لەبەر دەرگای هەر مالّێکدا دەتتوانی بۆنی بەرگی چلّکنو نەبوونیی بکەیت، لە کۆلّانەکانی ئەم گەڕەکەدا جیا لە هەژاریی، هەموو شتێکبوو لە دەنگی خۆشو لە گریانو لە زەردەخەنەی خەلّکەکەی، گەڕەکێک بە هەموو کۆلّانە ناخۆشەکانیەوە ڕۆحیەتی ئەو مرۆڤانەی تێدابوو کە خەریکی کۆترفرۆشتنو مریشکو بالّندە برسیەکان بوون، شانوبازووی پیاوەکانی لەژێر باری حەمالّییو کاری قورسدا ئازارێکی بەردەوامیان هەبوو، لەکوێوە

قەرەجودۆمو خەڵکی هەژارونەدار بهاتنایەتە ناو ئەمشارەوە، دەبوایە لە گۆشەیەکی ئەم گەڕەکەدا جێگەی خۆیانبکردایەتەوە، سەیرترین ماڵ ئەو ماڵانەبوون کە پێیان دەوتن (ماڵە دۆمەکان)، ژیان لەم ماڵانەدا لە هەموو ناو ماڵی گەڕەکەکە خۆشتربوو، ناوئەم ماڵانە بەردەوام پڕبوون لە قسەو گۆرانی، خەڵکی ئەم ماڵانە بەردەوام وەکو مێرووله دەهاتنودەچوون، بەوە خۆشبەخت دەبوون کە جوانترین کچ لەم گەڕەکەدا کچی ناوماڵەکانی ئەوانبوون، ئەو ماڵانەی بەردەوام خەریکی دوورینی پێڵاو،ودروستکردنی دەف لە پێستەی ماسیو دروستکردنی خوێدانو بەرچنەو هێڵەکو هەندێک جاریش شمشاڵیان لە میسی سوور دروستدەکرد.

ئەوماڵانەی وەکو خۆیان دەیانوت ئەوان بۆیەکەمجار بناغەی ئەم گەڕەکەیان پێکەوەنا، ئەوەیشیان دەوت، ئەم دەشتە فراوانەی کە ئێستا پڕبووە لە ماڵی نەداروبرسی، جاران پڕبووە لە هێلانە باڵندەو قەلەڕەشو قەلەباچکەو مراوی کێویلەو فڕکان فڕکانی چەقەڵو ڕێوی بۆ گرتنی ئەو باڵندانە، دەیانوت بۆنی گیاو گوڵە کێویلەکان لەوشتانەبووە کە وایان لە ئێمە کردووە تابێین لێرەدا ماڵ دروستبکەین، دەیانوت ئێواران ئێرە لەبەرجوانی درەختوسەوزاییو هەواخۆشەکەی پڕدەبوو لەدەنگی شمشاڵ، دەنگی باڵندەو شمشاڵی دەمی هەرزەکارانی ئەم ماڵانە زۆرکات تێکەڵ بەیەک دەبوون، ئاوا ئەوان بۆدروستکردنی بناغەی ئەم گەڕەکە دەدوان. ئەوان زۆرشتیان بۆ مێژووی ئەم شوێنە دەگێڕایەوە، تا دروستبوونی شار ئیتر هەموو ڕۆژانی ئەم گەڕەکەی لەناو پیسیو نەبوونییدا لێشاردنەوە.

سەر دەرگاو گوێ سەبانەی خانووەکەی (مینا) داتەپیبوو، ئەو خانووەی ڕۆژانێک بەر لە ئێستا کرابووە شوێنی شاردنەوەی کتێبو سەدان نووسراویتر، لە ناویشەوە دوو ژوورو هەیوانێکی بچووک بوو، بەردەمەکەی بە چەند پارچە تەختەی ناڕێکو نایلۆن گیرابوون، دیاربوو لە زووەوە ژنێکی کلۆڵ خەمی ئەوەی خواردبوو تا لە سەرما خۆی بپارێزێت، حەوشەکەی پڕبوو لە خۆڵ، لە نزیکەوە لە جێنزرگەی پیاوچاکانی دەکرد، لە ناوەوە بۆنی داروپەردووی رزیوی لێدەهات، هەردوولای ئەم خانووە لەو خانووانە بوو کە هەستتدەکرد لەچەند ساتێکی کەمدا دەڕمێن، لەم گەڕەکەدا نەک تەنیا ئەم خانووانە ئاوا بە داڕووخاویی دەبیندران، بەڵکو هەموو خانووەکانی تریش بەرگەی چەندساڵێکی تریان نەدەگرت.

لەبەر دەرگەی ئەم ماڵە داڕماوەی (دایە مینا) دا مێزێکی درێژ کۆلە، سەری بە نوقڵو پسکیتو بابەتی منداڵان ڕازابووەوە، بە پارچە پەڕۆیەکی سپی خاوێن بەردەوام داپۆشرابوون، سەر تاسەری ئەم کۆڵانەو گەڕەکەکەیش دوو دوکانیتری تێدابوو، کە چی زۆربەی منداڵانی کۆڵانەکە ڕویان دەکردە لای (دایە مینا) بۆ شتکڕین، پاکوخاوێنیو ڕووە خۆشەکەی سەرنجی گەورەکانیشی ڕاکێشابوو، خەڵک دەیانوت دایە مینا ڕۆژانی چوارشەممە دەگرێو ئیتر ڕۆژانیتر بێدەنگ دەبێت، «مینا» هەموو تەمەنی لە تۆپەڵێک حیکایەتی پێکەوە نووساوی دەکرد، ئەو خۆی بەخەڵکی وتبوو بەم هەموو حیکایەتانەوە ڕۆژێک بۆ هەمیشە دەڕۆمو دەچمە باخە سووتاوەکانی ئادەمەوە، دارشەقەکەی وەک هەموو جارێک لە ژێر قاچە شەلەکەیدا دادەنا، تاڵ تاڵ مووی ڕەش لە برۆکانیدا دەبیندرا، لەناو ئەو مووە سپیانەدا دەمووچاوە چرچو لۆچەکەی زەردەخەنەی لێون نەدەبوو، هەرچی لە نزیکەوە بیدواندایە بەوەی دەزانی کە دەرونی ئەم ژنە پیرە چەند نهێنی تەمەنی لەناخۆشی تێدا حەشاردراوە، تەمەنی ئەم ژنە پڕ لە حەرفی دێڕە پەرتبووەکان، ئەو دێڕانەی کە بە کۆکردنەوەیشیان هێشتا هیچ مانایەک نابەخشن، ئەو تەمەنە ئاوا سیخناخە بە حەرفی ئەو دێڕانە. ئەو خۆی دەزانێت چەند حیکایەتیان پێدەنووسێتەوە، ئەوتەمەنەی کە لێوان لێوە بە فرمێسکو گۆرانیو حەرفی ڕژاو، ئەوەی بۆ ئەم تەمەنەیان دەوت ئەوەبوو کە ئەم کۆڵانە ڕۆژەکانی

دایە مینای لێدەرکەیت هیچ ڕۆژێکی تەواوکراوی تێدا نامێنێتەوە، کە بێتاقەت دەبوو هەمیشە چەند کوڕێک لە کوڕانی ماڵە دۆمەکان دەهاتن لەلایدا دادەنیشتن‌و بۆ چەند ساتێک دەیاندواندو گەلێک جار بۆ خەمەکانی دایە مینا شمشاڵیان بۆ لێدەدا.

(کە گەورە بووین، لەناو ئەم گەڕەکە غەمناکەدا منداڵیمان، لاوێتیمان وننەکرد، بیرەوەریەکانمان هێشتا لە ڕەگی منداڵیماندا دەژی، لە هەموو کاتێکدا کەی ئەو یادگاریانەمان ونکرد دەمرین، مل بۆ داخوازیەکانی مردن کەچ دەکەین، من قەت یادەوەریەکانم ونناکەم چونکە هەستدەکەم بەوانەوە دەزانم بدوێم)، کە چاوی بە هەژارێک دەکەوت دەیوت (مرۆڤ زۆر کات نازانێت خودا هەموو شتێکی بە زەیی بەخشی، بەڵام عەدالەتی بەسەر هەمووماندا وەکو یەک نەبەخشی، بۆچی؟ بۆچی عەدالەتی دایە دەست مرۆڤ خۆیان)؟ دەیوت (زامەکان زۆرن کێوێکی گەورە دەڕمێنێت، کەچی دەبینم مرۆڤ تاساڵانێکی زۆر بەرگەی ئەم هەموو زامانە دەگرێت، لە بەردەم ئەو زامە سەختانەدا هەمیشە مرۆڤە زامدارەکان بۆ درەختێکی سەوز بوو دەگەڕێن، بۆچی دەژین؟ کە هەمیشە زامداربین، ئای کە گاڵتەم بە سەرکەوتن‌و لوتکەی بەرزایی کێوەکان دێت، ڕابووردومان جگە لە برینێک هیچیتری تێدانییە، تەماشای تولە ڕێگاکان بکەن، ئەو ڕێگایانە چەند گرانە پێداڕۆیشتنیان، هەمیشە ئەو ڕێگایانە بۆ ئێمە دەمانباتە سەر برینەکانی ژیان، تەنیا (با) بەختەوەرە کە هیچ زامێک لە بوونیدا هەڵناگرێت، ئەگەر (با) بوومایە هەمیشە لە دەوری ڕووبارەکان دوورنەدەکەوتمەوە، نەکا لە بەدبەختی مرۆڤەوەبگلێم).

وەک ئەوەی لەبەردەم پرسیاری کیژێکی چەنەبازدا ڕاوەستابێ ئاوا دەدوا( پرسیاکردن، بۆ من وردکردنەوەی خەونەکانە، ئەو خەونانەی تەمەنم وەکو گەڵا تێیدا سووتاند، ئێوە دەپرسن بۆچی مرۆڤ دەبێ لە بازنەی خەونێکدا بەدیار خۆیەوە دابمێنێ‌و نەزانێ کەی دەگات بە خواستەکانی؟ ئێمە تەمەنمان لە کەسانێک وەرگرتووە کە هەمووگیانیان برین‌و غەمگینیی بووە، بۆیە دەبێت ئێمەیش ئەمە چارەنووسمان بێت، هەمیشە پێمخۆشنەبوو لەبەر زامەکانی تەمەن لەدوای خۆم منداڵێک بخەمەوەو بە برین گۆشی بکەم . چیبکەم (ئاوات)م بوو.. تۆم بەو ناوەوە ناونا کە کاتەکانی تەمەنت لەگەڵمدا بەڕاستی بەریتە سەر، کەچی هەمیشە لێتدەپرسیم:

– دایە لە بیری تۆدا شتێک هەیە مانای بەختەوەریی بێت؟

– ئا هەیە.

– نا هەرگیز نا، درۆی دایکانەم بۆمەکە.

– با شتێک لە بەختەوەریی جار جار ڕووم تێدەکات، ئەگەر تۆ لە من تێبگەیت. دەزانی بۆچی ئێستا ئەم دارشەقەم لەبن هەنگڵدایە؟

– دەزانم، باش دەزانم کە هەموو خەڵکی بەدرێژایی چەند ساڵێک زۆر ڕقیان لێتدەبوو.. جیا بوونەوەی تۆ و باوکم لەیەکتری تۆیان لای خەڵکی ناشیرینکرد، دەزانم لە کاتی بڵاوکردنەوەی وێنەی کوژراوە شیوعیەکاندا کەوتیتە بەرگوللەی پیاوەکانی میری، ئیتر ئەو برینداربیە بۆ تۆ بوو بە کارەسات، حەزو ئارەزووەکانتی گۆڕیی، ڕەنگە دایکە لە خۆت بپرسی ئەی دوای ئەو چەند ساڵە چۆن چۆنی لای خەڵکی ئەم گەڕەکە خۆشەویست بوویتەوە، چەند گەمژەیە ڕۆژگار کە پشتت تێدەکات، ئیتر بۆ هەمیشە دەرگای نائومێدیت بۆ دەکاتەوە.

ئاوا زۆرکات بۆ (با)، یان بۆ نیشتنەوەی باڵندەیەک، یان بۆ دارشەقەکەی خۆی دەدواو ڕۆژانی کوڕەکەی دەهێنایەوە بیری خۆی، زۆر باش دەیتوانی بەدار شەقەکەی بندەستی هاتووچۆبکات، هەر کە ئازاری ببوایە زۆرکات ئەوەی دووپاتدەکردەوە (شیوعییەکان وەفایان ونکردووە، کەچی ئێمەی پەککەوتە تا ئێستا قەت ڕقمان لێیان نییە، چونکە ساڵانێکبوو ئەوانە هاوڕێمان بوون).

***

لەبەر ڕوناکایی مانگە شەوەکەدا پرچە سپیەکانی بە گەردنیا هاتبوونە خوارێ، لە پەیکەری

مرۆڤێکی یاخی دەکرد، ئەوکاتانە لە (ئـاوات)ی کوڕی دەڕوانی کە لە هەیوانەکەدا نووستبوو (لە بیرم نایە بۆ جارێکیش لە وەتی فامت کردۆتەوە جێگەکەتم هەڵگرتبێ، پاککردنەوەی ژوورەکەش هەر خۆتکردوتە. ئەمە چ یارییەکە، نازانم لە کوێ فێری بووی، شەوانی ناو ئەشکەوتەکان، ناو ماڵە هـەژاری گوندەکان، چۆن چۆنی ئەم وانانەیان لە بیردا نەسڕیووەتەوە، تۆ لە دڵۆپە خۆێنەکانی من دروستبووی کە پڕن لە ئازارو نەبوونیی، زۆری ئەوەشت لێکردم کە نابێ لە بەردەرگا وردەواڵە بفرۆشم، ڕەنگە ئەمەیان لەبەر دڵی دەزگیرانەکەت بێ، نەگبەت، دەزانم شکاندنی هەستی تۆ چەند گرانە. ئاخر ئەم کۆڵانە یان هەژاریی بەرهەم دێنێت یان سەرکێشیی‌و یاخیبوون، لە ماڵی ئێمەدا هەردووکیانی بەرهەمهانی، تۆ بوویتە جەنگاوەرێکی چالاک لەناو کۆمەڵەی ڕەنـجـدەرانـداو دایکیشت پێشتر لەناو شیوعییەکاندا ماڵی خۆی بەکاولبوون دەسپارد، لێرە خودا هەر ئەم دووشتەی پێبەخشیووین، تۆ لە نێوان تەمەنی گەورە بووتندا باوکت لێت یاخی بوو، منو تۆی لە نێوان بەرداشی ئەم ژیانە پڕ لە ناخۆشیانەدا بەجێهێشت، پەروەردەکردنی خۆت هـەر خۆتبوویت، یـاریکردن بـەکـارە خراپەکانی ژیانەوە پێکەوە دەمانکرد، چەند گرانە لەم گەڕەکەدا هەموو تەمەنمان لە دوای ئەو هەمووساڵە زۆرانە بۆ ماندووبوون سەرئەنجام کردییەوە نانێکی سەر سفرەیەکی کاغەز.

ئـەم شـەو کە چـاوی بە دارشەقەکەی کەوت، ئازارێکی توند ناخی داگرت، دەتوت دەمووچاوی ورد دەبێت، سـەری قـورس بـوو، لـەبـەر چاویدا جیهان دەبووە مارێکی ڕەش‌و ئەمی بۆ هەتا هەتایی بۆ ونبوون دەبرد. دەستیبرد دارشەقەکەی لابرد تا ئازارەکانی کەمێک لەبیر بچێتەوە، گۆرانییەک لەگەرویەوە دەهـات بۆ نەمانی ئازارەکانی (ئەوە گیانم، دەبیبەن بۆ ماڵی با، دەبیبەن بۆ ماڵی ئاو، دەبیبەن بۆ ئاسمان، تاخودا کەی وەفای هاتەوە دڵ لە هەموو شوێنێک من بدۆزێتەوە)، وەکو بۆ مردن بدوێت ئاوا دەدوا (مینا، ئەو کەسەیە کە هەردەم لە ژێر دەمی ئازارو بریندا تۆی لە یادنەکردووە، ئەی سەرگەردان خۆم، چەند پیاوێکی خراپ‌و گێل بوویت، ئەوەی بەدیاریی بۆ منت بە جێهێشت ئەو کوڕەیە، بۆ گـەورە بوونی ئەویش نوشتەی پیاوچاکان‌و درودی دەمی دەیان پیرێژنی زۆرزان‌و ئامۆژگاری زۆر لە هاوڕێکانم بۆ گەورە بوونی قبوڵکرد، کە گاڵتەم بە زۆرشت لەوشتانە دەهات، بەڵام دەترسام کوڕەکەم بەگەورەیی نەبینم، ئەو درودانـەی کە تەنیا لە ژێرلێوی ژنە سەرگەردانەکانەوە دەهات بۆ گەورە بوونی، دەمویست بەقەدەر تەمەنی نوح، دەیانجار لەوەیش زیاتر تەمەنی زۆرتربێت، دەمزانی تا لـەم گـەردونەدا بژی بۆ یەکجاریش ئارامگرتن لە گیانیدا نایەتە ژمـاردن، ئەو پارچە پەڕۆیانەی کە ڕەنگەکانیان لە بەرهەتاو،و سەرمای زستاندا ونکردبوو بۆنی خۆڵیان گرتبوو، لە داری مەرقەدی پیاو چاکەکانم دەکـردەوەو لـەلا ملیم دەدا تا لە دەردو بەڵا بەدووربێ، کە چی لێرە هەمووشتێک دەردوبـەڵایـە، ئـاوا گـەورە بـوو، کەچی کەشکۆڵی ڕۆژگارێکی سەخیفی لەکۆڵناوە، دەیەوێ ئاوەدانی بۆ گوێ ساتە ناخۆشەکان بەرێت.

مینا بـەردەوام بۆ خـەڵکی دەربـارەی کوڕەکەی دەدوا، گوندەکان بە بـەر چـاویـەوە ڕۆژگارێک بەدوای یەکدا دەکرانە تۆپەڵە پووشوو فڕێ دەدرانە ناو دۆزەخێکی سـەیرەوە: کوڕەکەم ئەو سـەگانەی دەبینی، سـەگی گوند نیشینەکان، ئەو سەگانە لە مرۆڤە گەمژەکان زۆر بەوەفاتربوون، ئەو سەگانە لەگەڵ سووتانی هەرماڵێکدا دەوەڕیـن، بەدرێژایی دەیان شەو بەدیار ماڵە سووتاوەکانەوە دەمانەوە تا دەتۆپین، کوڕەکەم ئەوانەی دەدی، کوڕەکەم شـۆڕشـگـێڕبـوو، کـە بـە بـەرچـاوییـەوە دواجـار شۆڕشیان سەربڕی ئەو تەنیا بە منی وت: (خۆزگە قەت نەتخستمایەتەوە تا ئاوا قەشمەرییان بە بوونم نـەکردایە)، ئـای لە سەمای ئـەو دووکـەڵـە سپی‌و ڕەشانەی کە ڕووی ئاسمانیان دادەگرت‌و کوڕەکەم بۆنی هەموویانی هەڵدەمژی، پیاوە پیرەکانی دەدیی،

ئەو پیاوانەی کە تێیاندابوو تا تەمەنی هەشتا ساڵو زیاتریان لە ناو ئەو گوندانەدا بەسەربردبوو، کە چی بە زۆر پشتیان پێدەکردنە زێدی نەوەکانیان، خۆشیانیان بۆ ناو تابووتە ئامادەکراوەکانی ئۆردوگاکان دەبردن، دەزانم قەت ئەو ڕۆژانەی لەیادناچێ، ئەو تابلۆیانە لە بیریدا ناسڕێنەوە، کەچی ئێمە ئەو ڕۆژانەمان ونکرد، ئا بەتەواوی ونمانکردنو بەبەر چاوی هەموومانەوە شۆڕشیان سەربڕی. خۆشمانیان پێوە وەجاغکوێرکرد، کوڕەکەم لەگەڵ گرگرتنی دارو پەردووەکاندا گڕی دەگرت، پیاوە جەللادەکانی دەبینی جگەرەیان بە پشکۆی خانووە سووتاوەکان دادەگیرساند، قاقا پێدەکەنین، قسەی خۆشیان بۆ یەکتری دەگێڕایەوە، تارماییەکانیان لەبەر دوکەڵو تەپو تۆزدا دەردەکەوتن، ئاوەدانییان لەگەڵ وەڕینی سەگەکاندا کاولدەکرد، حەپەی سەگەکان لە ژێر تیشکی مانگەشەودا لەو دەشتە چۆڵانەدا کوڕەکەمیان دەگریان، دەگریا، لەناخەوە پرسەی بۆ منداڵە چلمنەکان، بۆ کیژە عازەبەکان، بۆ دەزگیرانە لەیەک دابڕاوەکان دادەنا.. ئەوانەی هەموو بینی، دەفتەری یادەوەریەکانی پڕن لەسەر گوزشتەی ئەو شەوە ناخۆشانە، ئەوە گەمەکانی کوڕەکەمە لەسەر ئەو سفرە کاغەزەی لە دوای چەندین ساڵ لەجەنگاوەریی، ئێستا لەبەردەمی منوخۆیدا ڕایدەخات.

## ٢

تولە نەمامێکی باریک لە سەرووی حەوشە بچووکەکەوە بە دووری سێ بست لە پەنجەرە تۆزاوییە نزمەکەوە چەند چرۆیەکی سەر بۆریان دەرکردبوو، بەختەوەرترین ماڵیش لێرە درەختی خۆشنەدەویست، کێ هەبوو جارێک لە جاران لە بەر ماندووبوون بیر لە درەخت ڕواندن بکاتەوە لە ماڵەکەیدا، ماڵەکانی ئێرە تەنیا بەدبەختیی و نەبوونیی تێدا دەڕوا، مینا بۆخۆیشی نەیدەزانی ئەو نەمامە بەدبەختە چۆن چۆنی ئاوا لەوێدا ڕوواوە، لەگەڵ ئەوەیشدا کە ڕووابوو ئەو دەیتوانی جار جار لایەوە دابنیشێتو کەمێک خزمەتی بکات، ئەو نەمامە ئەگەر قسەکانی مینای ببیستایە دەیزانی مینا بەردەوام پێیدەڵێت: ئاخر تۆی کڵۆڵ، تۆی نەمام لە ناو ئەم ماڵە پڕ لە نەبوونییەدا، لەناو ڕۆحی یاخی دووکەسدا، لەناو ئەم کۆڵانە پڕ لە ئازارەدا دەتەوێت ببی بە درەختێکی گەورە..قەت نابیت، بەڵام تامن هەبم دەتوانم نەهێڵم تینووتبێت.

دایە مینا فریشتەیەکی عاشقی پیر بوو، خەڵک وایانپێدەوت، خەڵک پێیاندەوت ئەگەر مینا لەم کۆڵانەدا بمرێت ئێمەیش هەموومان دەمرین، مینا زۆر لێزانانە قسەی دەکرد، دەیزانی چۆن چۆنی باسی ژیان بکات دەیوت ( ژیانی هەموومان گۆرانییەکی کۆنە بەردەوام دەیڵێینەوە، هەمووتان دڵتان پێیخۆشە تەنیا من نەبێ کە دەزانم ئەو گۆرانییە چەند ناخۆشە بۆ وتن) ئەو پارچە گونیەیەی لە نەمامەکە دەکردەوە کە بە درێژایی زستان تێوەی پێچابوو تا سەرما وشکی نەکات، بە پەنجە لاوازەکانی کڵۆخۆڵەکانی بنی ورد ورد دەکرد، بەخۆی دەوت یادەوەرییەکانی منیشیان ئاوا ورد ورد کرد، دەستی دەدا لە چرۆ سەوزەکانیو ئارەزووە وشکەوەبووەکانی مینای دەجوڵاند، بیری شەوە ناخۆشو خراپەکانی خۆی دەکەوتەوە: بۆ من ناخۆش بوو کە لەشەوێکی مانگی تەمووزدا لەگەڵ مێردە برسیەکەمدا لەیەک جیابووینەوە، پێکەوە دەمانزانی ژیان هەڵهاتنە لە هەموو بەها خراپەکان، دەمانزانی هەژاریی هیچ بۆ پێکەوە ژیان لەم کۆڵانەدا ناهێڵێتەوە، دەمانویست بچینە گوندێکو ئێرە بەجێبهێڵین، دەمانویست ئێرە بەجێبهێڵین بچینە ئەشکەوتەکانوبیان کەینە شوێنی حەسانەوەمان. دەمانزانی ژیان هەڵهاتنە لە ڕۆحی خۆمان، ئێمە لەگەڵ بارینی بارانو نەبوونییدا ئاشنا ببووین، کەچی هێشتا ستەمکاریی وازی لێنەدەهێناین، ئەو مێردە بەرگ دڕاوەم هەمیشە دەیوت: مینا دەبێت گوبکەینە هەموو شتێکی پیرۆزی ئەم شارە، دەبێت نەفرەت لەڕۆحی ئەوانە بکەین کە ئێمەیان لەم تەمەنەدا بە جیابوونەوە سپارد، ئەو شەوانەی ناو ماڵەکانی ئێمەبوون، ئەو ماڵانەی کە شۆڕشو حکومەت پێکەوە، جەللادو شۆڕشگێڕ

پێکەوە فریویاندابن، بۆدەبێت کەسێکی پیر وەکو (محێدین)ی باوک لە هەفتەی یەکەمی هاتنەوەی جەنگاوەرەکاندا وێنەی کوڕە شەهیدی هەڵبگرێت و بیخاتە تەنەکەی خۆڵەکەیانەوە لەم کۆڵانەدا؟؟؟ (محێدین)ی باوک بە بەر چاوی هەموومانەوە لە ئێوارەیەکدا چینەکرد، کتێبو قەڵەمو وێنەو بەرگو تەنانەت ئەو بەتانیەیشی کە جاران کوڕەکەی دەیدا بە خۆیدا سووتاند.. بەدەنگی بەرز دەیوت: شار پڕبووە لە هەزاران باوکی وەکومن. (محێدین)ی باوک شەوو ڕۆژێک بەدیار ئەو شتە سووتاوانەوە گریا.

ئەو شەوانەی جەنگاوەرە گیراوەکانیان دەبرد بۆ گولله بارانکردن (محێدین)ی باوک هەمیشە دەترسا، دەترسا کوڕەکەی ئەویش لەناو ئەو گیراوانەدابێت، ئەم شتانە هەموویان پەیوەندییان بە حیکایەتەکانی ئەم کۆڵانەوە هەیە، ماڵەکانی ئەم کۆڵانە کە کوڕێکیان ببوایە دەیانوت کە گەورەبوو دەبێت بە شۆڕشگێڕ، کە کچیشیان دەبوو دەیانوت شوودەکات بە جەنگاوەرە ئازاکان. ئەوانە چۆن چۆنی لە جەنگاوەر تێگەیشتبوون، (محێدین) ی باوک پێیدەوتن، بەهیچ جۆرێک جەنگاوەری ڕاستەقینە بوونیان نییە.

سەرئەنجام ترسەکەی (محێدین)ی باوک گەیشت، گەیشتو کۆڵانەکە لە بەرەبەیانی مانگی نۆی ساڵی ١٩٨٦ پڕبوو لە هەواڵی گرتنی کوڕەکەی محێدین، بەردەرگایەک نەما ئەم هەواڵەی تێدا باس نەکرێت، وتیان (سالار محێدین) کوڕە ئازاو چاو نەترسەکەی، ئەو کوڕەی کە چاوی دەبڕییە لولەی تفەنگەکانی دوژمن، بە دەم گۆرانییە خۆشەکانیەوە هەڵمەتی دەبرد بۆ سەر دوژمن، ئێستا گیراوەو گولله بارانی دەکەن ، گەنجێک لەکۆڵانەکەدا شیعری بۆ گرتنو مەرگی ئەو جەنگاوەرە دەوت، چ زوو ناوی بە شاردا بڵاوبووەوە، دەیانوت تاکاتی گولله باران کردنی گۆرانی چڕیوە، بە ئازایانەوە سەری بەسەر خوێنی برینەکانیا شۆڕ کردۆتەوە. (محێدین)ی باوک بەناو ئەو هەموو هەواڵانەدا دەهاتوودەچوو، یەک حەرف چییە نەیدەوت، دەهاتوودەچوو، بینیبوویان لەبەردەرگای ماڵەکەیدا تا گەڕانەوەی تەرمی کوڕەکەی هەڵنەستابوو.

ئەم شەوانە، سەربازەکانی حکومەت لە سەنگەرەکانیاندا هەڵ دەلەرزینو درووديان دەخوێند، لە دەنگی باڵی باڵندەکان ڕادەچڵەکین. لە ڕووناکییە دوورەکان دەسڵەمینەوە، ئەم شەوانە دەبوایە دەرگاکانمان لەسەر پشت بوونایە، داخستنیان لای ئێمە گوناه بوو، دەمانوت با ئەگەر یەکێک لە جەنگاوەرەکان بریندار بوو شەوێک لەم شارەدا شوێنێک هەبێت ڕووی تێبکاتو خۆی تێدا حەشاربدات، ئێمە لە بەردەم هەموو کارەساتەکاندا لەدەرگا کردنەوەو چاوەڕوانی زیاتر هیچیترمان نەدەزانی، پیاوەکانمان، کوڕەکانمان، براکانمان بە بەرچاومانەوە بە زۆر دەبران، چیبکەین، دەگریاین تا ئاو لە چاوماندا بووایە، دەبران بە زۆر پاکانەیان پێدەکردن، حکومەت هەمیشە وایدەزانی هەموو شۆڕشگێڕەکان کوڕانی ئەم کۆڵانەی ئێمەن، لێرە تا هەموو لایەکی ئەم خاکە. شەوانە دووبارەو هەزار بارە دەبوونەوە، ژنەکان لەم کۆڵانەدا لە دووری هاوسەرەکانیاندا منداڵەکانیان ناو دەنان، پیرەکان بەسەر گۆچانەکانیانەوە دەمردن، دەیانوت با کوڕەکانمان ئازاترو قارەمانترین، نازانم بۆچی وەسیەتەکانیان بەجێنەهات؟ بۆچی کوڕەکانیان کە بەزیندوویی گەڕانەوە بوونە پیاوانێک کە ئازاریان بە ئازار بۆخەڵک گۆڕییەوە، ئەو شەوانەو بەم شەوانەی ئێستایشەوە بۆنی مردنیان لێدێ.

خۆڵە سوورەی بن نەمامەکەی ورد ورد دەکرد. وردە بەردەکانی لێدەردەکردو گۆمێکی بچووکی بە خۆڵەکە بۆ نەمامەکە دروستکردبوو.

( دەتەوێ چیبکەیت دوورکەوتنەوە بۆ منو تۆ لەیەکتری باش نییە) کەمجار هەبوو مینا بیر لە مێردەکەی نەکاتەوە، (باش لەوە تێبگە من لە پێناوی کارێکی سەربەرزانەدا گولله بەر قاچم کەوتووە) خراپ ژیانمان گۆڕدرا، تورە بوویت، بەختی خۆتت دۆڕاند، بویتە لێکدابڕانی هەردووکمان، مینات

بەرەڵای ناو ئەم شارە دۆزەخەکرد، دەتزانی کە من چیم بۆ تەمەنی تۆکرد، بەڵام پیاوەکانی ئەم شارە واتلێدەکەن نەفرەت لە هەموو بوونیان بکەیت، شەرەف دۆڕاندن لە بردنی ڕۆحی ژن و سەروەتوسامانی ئەم شارەوە دەستی پێکرد، هەژاریی ناو کۆڵانەکە هاندەری لێکجیابوونەوەمان بوو، هیچم نەکرد تا تۆ بێنمە سەر باوەڕێ کە دەتوانین لە تێکۆشاندا هاوکارتبم، تا ئەو کاتەی قاچم شکاو بۆ ساڵێک زیاتر لە جێگەدا کەوتم، هەوڵەکانم باوەڕیان لەلای تۆ دروستنەکرد تا لەیەک جیانەبینەوە، من نووسراوو وێنەی شەهیدە شوعییەکانم دەبرد لە شاردا بڵاوم دەکردنەوە، وامدەزانی ئیتر شار لەئایندەدا دەکەین بە شارێک کە پێکەوە وەکویەک تێیدابژین، چەند ساویلکەبووین، لەدوای ئەو هەمووساڵە کۆڵانەکەمان لەجاران پڕ لە هەژاریی‌و نەبونییە، ئێمە چیمانکرد، خۆ کەم ماڵ هەیە لەم کۆڵانەدا وێنەی کوڕێکی کوژراوی تێدانەبێت، کەچی ئێمە ڕزین‌و کەسانێکیتر لەسەر ژیانە ڕزیوەکەی ئێمە وەکو شا دەژین، تۆ منت بۆ ئەم ڕۆژە سەخیفانە بەجێهێشت، سەربازێکی دۆڕاوبوویت، تەنیا چەکی دەستت ئەم جیابوونەوەیە بوو، ڕەنجی هەردووکمانت پێسوتاند، تۆ هەموو هەوڵەکانی منت بە فڕوفێڵ دەزانی، وانەبوو، حەزم بە جیابوونەوەت نەدەکرد، مردن زۆر باشترە لەوەی کە تەمەنی هاوسەری هەژدە ساڵەمانت بە هەڵە دۆڕاند، دەزانم هەژاریی شتێکە خودایش لە بیر مرۆڤ دەباتەوە، هەژاریی ژیانی لەمن‌و تۆ کرد، هیچت وەرنەگرت لە من، دەموت بە ڕوتییش بە بێ بەرگ لەگەڵدا ڕازیم، من لەبەر دەمتدا ببوومە کەروێشکێکی بریندار، تۆش لە من بریندارتر، چۆن چۆنی ئەم برینانە ڕۆحمانی شکست پێهێنا، ئیتر من‌و ئاواتت لەم ژیانە هیچ و پووچەدا هەڵدێرا، خۆشت سەرگەردانی کوچەو کۆڵانەکان بوویت، ئێستەش ڕقم لێت نییە، هەر ئەوەندەیە بە مرۆڤێکی هەڵخەڵە تاودیێتە بەرچاوم. تۆ کاتەکانی تەمەنی خۆتت دۆڕاند، بیروباوەڕت لە شەقامە جەنجاڵەکاندا ونکرد، تۆیەکی نەوت فرۆش سەرەتا چەند دڵسۆزی من بوویت چیبکەین بەخت لە ڕوو لەمن نەبوو، کە منت هێنا وازت لە شیوعییەت هێنا، نەفرەتت لە هەموو هاوڕێکانت کرد، ئەوە سەرەتای کارە ڕاستەکانی تۆ بوو من درەنگ پێمزانی، بەڵام من دەموت تۆ بەزیویت، نەمزانی درکت بە هەموو هەڵەی شیوعییەکان کردووە، لەوەودوا باوەڕت بەخۆشت نەما، یادەوەری ڕۆژانی لاویێتیت دۆڕاند، جارێک پێتوتم (هەموو جۆرە بیروباوەڕێک لێرە تەمەنی مرۆڤ بە بەدبەختی دەسپێرێت‌و تێکتدەشکێنن، هەموو ڕۆژێ مەرگەساتەکان زیاتردەبن‌و هەمووی بۆ ئێمەیە نەک کەسانیتر، سۆزو وەفایش بۆ ئێمە نییەو لەگەڵ پاشماوەی زبڵەکاندا تەمەنمان فڕێ دەدرێتە دەرەوەی شار).

بە هاتنە ژوورەوەی ئاواتی کوڕی لە لای نەمامەکەوە بۆی پێکەنی‌و دەستی بۆ بەرزکردەوەو بانگی کرد: چاوەکەم وەرە بۆ ئێرە، ئاوات بە گەیشتنی بۆ لای دایکی دەستی هێنا بە پرچە سپیەکانیا، ئەو هەمیشە لە ڕۆژێکدا دەیانجار ئاوا دەستی دەهێنا بەو پرچە سپیانەدا، پێیوت:

– دایکە ئەم تەنیاییەت زۆر شتم بیردەخاتەوە؟

– بەڵام من بەم تەنیاییە زۆر شت لە بیر خۆم دەبەمەوە.

– ئێستاش هەر لەسەر باوەڕی جاران ماوی ؟

– کوڕەکەم تۆ قەت ڕابووردوی خۆت لەیاد دەچێت؟

– بەڵێ، ڕابووردوو تەنیا بۆ فرێدان لەم وڵاتەدا باشە، چی لە ڕابووردووبکەم کە فریوی دام، وەک تۆ هەموو شتێکم لاپیرۆز نییە!

– ناونان لە شتەکانی دەورو بەرمان کێشەمان بۆ دروستدەکات، بەتایبەت ڕابووردو، هەقمە باوەڕم بە بوونی دەوروبەری تۆ نەبێت، با لەوە بگەین من‌و تۆ کێین؟ من ئاوا ناو لەخۆمان دەنێم هیچن هیچن، من‌و تۆ و ئەو پشیلانەی لەم کۆڵانەدان وەکو یەکین، بە دبەختین‌و ڕابردوومان پاداشتی بۆمان نەبوو، سەد جار نەفرەت لە ڕابوردوو.

– دایکە دەزانم ئێستاش بە دوای ژیانە تاڵەکانی باوکما دەگەڕێیت؟ دەتەوێ چی لە بارەیەوە بزانیت؟ ئەو لەبەردەم هەموو ئەم شارەدا خۆی بێ بەریکرد لە ژیانی تۆ، ئەو ژنەی کە بۆ لەتە نانێک تاکو ئێوارە لە نێوان مردنو ژیاندا لەگەڵ دووبەتانیو لەتە کومبارێکدا دەژیاو سکی هەڵدەگوشی، کە ئێواران دەگەڕایەوە لای، نانی وشکیشی نەبوو، ئیتر دەتەوێ چی لە ژیانی ئەو پیاوە بزانیت، تاکە شتێک کە ئەو ساڵانێک بەرلە هەمووممان درکی پێکرد، هەڵەکانی سیاسەت بوو، ئەو هەڵانە بوو کە پیاوە بەرپرسەکان کردیان، ئەو کە ئەو ڕاستیانەی زانی، نەفرەتی لە هەموو بیروباڕەکانکرد، ناچاریانکرد ئاوا بیربکاتەوەو لە دووریشەوە تەماشایان نەکات، باوکم ڕاستیکرد کە ڕۆژگار بۆ ئەوانە نەک بۆ ئێمە، ئەو لە بەرگی دوا کتێبێکدا کە تەوایکردبوو نووسیبووی (ڕەنجی ئێمە بۆ گەل نییە، بۆ بەرپرسەکانە)

– من ئەو دێڕەم نەبینیوە، بەڵام زۆربەی کات لەبەر چاومە کە بە تورەییەوە گلەیی لە ڕەفتاری سەرکردەکان دەکرد، ئێستا بەم شارەدا دەگەڕێ داوای تۆڵەی خۆی دەکات، بەڵام کەس دەرگای لێناکاتەوە.

ئاوات دەستی کردە ملی میناو بە سوکی پێیوت:

– ئەگەر دەتەوێ بزانی چی دەکات، ئەوە پێت دەڵێم، ئێستا کۆمە کۆم بە دوای گوێ درێژێکی لەڕولاوازی گوێ تەپیوەوەیە، نەوت دەفرۆشێت، لە کۆڵانەکانی ئەم شارەدا، جامانە کۆنەکەی جارانی هەر لە ملدایە ، ئەمە ژیانی یەک دوو ڕۆژ لەمەوبەریەتی، ئیتر نازانم لەمەودوا چی بەسەردێت، مینا توخوا، تو شەرەف کە لەم شارەدا نەماوە، شەرم نییە بۆ پیاوە گەورەکانی ئەم شارە ئەو شیوعییە پیرە ئاوا بژی؟

– کەواتە هەقمە بە شوێن ئازارەکانمدا بگەڕێم؟ لای من ئێستاش پیاوێکی خۆشەویستەو هەموو ئازارەکانی من لای ئەون.

– ئەو خۆشەویستی نازانێت، رابووردوی هەموو شتێکی پێ لەبیربردۆتەوە، تەنیا ئەوەی بیری لێ دەکاتەوە کەی شەودادێو بە تەنیا لە کەلاوەکەیدا پشوویەک بدات.

– ئەگەر ڕۆژێک ببینم دەیهێنمە قسە، لێی زویرنابم، با بزانێ من تاکو ئێستاش ڕێزی دەگرمو یەکێک هەیە خەمی دەخواتو لەم شارەدا تەنیانییە، ئیتر کە مرد ئاسودە دەبێ.

– دایکە ئەم میهرەبانیەت لە سەمای ئەو پەپوولانە دەچێ کە لەگەڵ هەڵوەرینی گوڵەکاندا کۆچ دەکەن.

ئیتر هەردووکیان، بە دەنگێکی خۆش حەرف بەحەرف شتێکیان بۆ ئەو سفرە کاغەزە دەوت کە بەنیازبوون بەیانی بەیادی جارانو منداڵییان بەیەکەوە لە ڕۆژی جەژنی قورباندا نانی لەسەربخۆن، پێکەوە دەیانوت سفرەیەکی کاغەز ڕادەخەینو وێنەی قوربانییەکانی تەمەنمانی لەسەر دەبژێرین، دەیانوت گەڕەکێک هەموو سفرەی کاغەز ڕادەخەن، هەموو جەژنی قوربانێک ئەوان لەسەر ئەو سفرە کاغەزانە بەر لەنان خواردن بۆ قوربانیەکانی تەمەنی خۆیان دەگرین.. ئاوا گەڕەک سبەی بەیانی پڕدەبێت لە گریانو سفرەی کاغەز.